# تەڵەی کۆماری ئیسلامی و هەڵەی کاک شاهۆ

من بە هۆی وەزعی تایبەتی کارەکەم و پێداویستیم بە ئەخبار و بابەتی تازە مەجبوورم هەموو رۆژێ سەردانی ماڵپەڕە ئینترنێتیەکان بکەم و تازەترینەکان بخوێنمەوە و کەڵکیان لێ وەربگرم،یەکێک لەو ماڵپەڕانەی کە بەیانی هەموو رۆژانی هەینی سەردانی دەکەم ماڵپەڕی"دیمانە"یە.
بەیانی رۆژی هەینی ٠٥٠٦٠١٠ وەک رۆژانی پێشوو سەردانی ئەو ماڵپەڕەم کرد و چاوم بە وتارێکی وەرگێڕاو لە ڕادیۆیەکی فارسی "رادیۆ یاران" کەوت لە ژێر سەر دێڕی " وتوو وێژ لە گەڵ ئاغای نووری زادە" کە وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی کوردی.
من بە هۆی ئاشنایەتیم لە گەڵ ئاغای نووری زادە کە زۆر جار باسی مەسەلەی کورد دەکات هەر کە چاوم بە تیتری وتارە کە کەوت، سەرنجی راکێشام، زوو زانیم کە دەبی شتێکی لەسەر کورد بە چاک یا خەراپ تێدابێ و وادیار بوو بە قەولی کوردی ماستەکە بێ موو نەبوو دەنا وەرگێڕیش کاتی خۆی بە فیرۆ نەدەدا.
کە دەستم بە خۆیندنەوەی وتارەکە کرد، دیتم کە ئاغای نووری زادە لە ژێر فشاردایە و زیرەی لێ بڵیند بووە و خەریکە داکۆکی لە خۆی دەکات.
جەریان ئاوایە کە گۆیا جاسووسێکی کۆماری ئیسلامی بەناوی ئیسماعیل دەبێ نەوارێکی لە قسەکانی ئاغای رەفسەنجانی کە دیسان خۆی بۆ سەرۆک کۆماری ئێران پاڵاوتۆتەوە بۆ ئاغای نووری زادە مەیل کردوە و ناوەرۆکی نەوارەکە دوایە سەری لە دەزگای ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی وەدەرناوەتەوە و بەو جۆرە ناوبراو ویستوویە ئاغای نووری زادە کە یەکێک لە دژ بەرە ناسراوەکانی کۆماری ئیسلامیە بخاتە ژێر تەمی گومان و لکەداری بکات.
ئاغای نووری زادەش بە بیستنی هەواڵەکە ئاگر دەگرێ و بۆ داکۆکی لە خۆی کوللی ماجەراکە دەگێڕێتەوەو ئەسکوێ دەگەیەنێتە بنی دیزەی.
پێش ئەوەی بچمە سەر ئەسڵی مەبەست لە نۆسینی ئەو وتارە پێم خۆشە ئاماژەیەکی هەر چەند کورتیش بێ بە کۆماری ئیسلامی و ئاغای رەفسنجانی بکەم.
بە پێی کردەوەی ئەو جاسووسە کە گۆیا وتەکانی ئاغای رەفسەنجانی بۆ ئاغای نووری زادە مەیل کردووە دەبی خەفەقان و گوشار لە ئێران دا ئەوەندە بە هێز بێ کە تەنانەت رەفسەنجانی کە بۆ خۆی میعمار و مامۆستای ئەم نیزامەیە و ٢٥ ساڵی رەبەق (٩ساڵ رەئیسی مەجلیس، ٨ساڵ سەرۆک کۆمار، ٨ ساڵیشە وەک سەرۆکی مجمعی تشخیصی مصلحت) لە حەساسترین پۆستەکانی ئەو ریژیمەدا کاری کردووە و ئێستاش دەیهەوێ بۆ جاری سێهەم ببێتەوە سەرۆک کۆمار، بەدزی و بەدوور لە چاوی نەیارانی قسە بکا،کە لە گەڵ راستییەکان یەک ناگرنەوە. ناکرێ رەفسەنجانی لە کوللی سیستم جیا بکرێتەوە و ئاوی پاکیبە دەستی دابکرێ.

هەموو ئەو رێکخراو و کەسانە کە لە ماوەی هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی چ نەیار و چ دۆستی کۆماری ئیسلامی بوونە، باش دەزانن کە رەفسەنجانی یەکێک لە سەرکردەو مۆرە هەرە گرینگەکانی ئەو سیستمە بووە و هەیە و لە تەواوی ئەو ماوەیە دا بە شێوەی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ ئەو حکوومەتەی ئیدارە کردووە و جێگا پەنجەی لە هەموو شۆینەکان دیارە، هەر کەسیش لە بەرانبەر ئەو و سیستم دا سەری دڵی هەڵیهاویشتبێ بێ شک چارەنووسی شەهیدانی ویەن، برلین،رۆم و.....و قەتڵە زنجیرەیەکانی بە نسیب بووە، بۆیە لە جێ دایە ئەگەر بگووترێ رەفسەنجانی یانی هەموو یان بەشێک لە سیستمی کۆماری ئیسلامی و کۆماری ئیسلامیش یانی رەفسەنجانی. بە تایبەت ئەگەر وانەبێ چۆن لە هەل و مەرجی ئاوا حەساسی هەنووکەیی و بەو تەمەنە زۆرەی کە ناوبراو هەیەتی خۆی بۆ پۆستی ئاوا حەساس کاندید دەکردەوە؟.
خۆ کاندید کردنی ناوبراو لە راستای خزمەتی گەلانی ئێران دا نییە و ئامانج تەنیا هێشتنەوەی برێک زیاتری تەمەنی لەرزۆکی ئەو حکوومەتەیە.

بەڵام ئەوەی منی هان دا ئەو چەند دێرە بنووسم جەریانی ئاغایان نووری زادە و رەفسەنجانی نییە، بەڵکوو دۆران و کڵاو چوونە سەری حیزبی دێموکرات و بەرێز کاک شاهۆیە.
ئەوەی من تا ئێستا لە حیزبییەکانم بیستووە دەڵێن کە کاک شاهۆ مرۆڤیکی گەلێک زیرەک و لێهاتوویە، بە تایبەتی لە بواری ئیتلاعاتیدا و گۆیا مووی سپی لە ماست دەردەکێشێ ودەڵێن هەم لە دەورەی رێژیمی پێشوو دا هەمیش لەو دوایانەدا چەندین دەورەی تایبەتی و بەرزی لەم بوارەدا لە وڵاتانی دەرەوە دیتووە و بناغە دانەری دەزگای ئەمنیەتیی رێکخراوەکەی خۆیەتی .
لە یەک دوو ساڵی رابردوو دا ناوی ناوبراو لە پێوەندی لە گەڵ گێرەو کێشەکانی ناوخۆیی حیزب گەلێک لە سەر زاران بووە و ناوبراو بە ئارشتێکت و دارێژەری ئەو دەستە و جناح بازیانەی ناو حیزب دادەندرێ و وەک دەڵین لەو بارەوە خوا شوکر لە هیچی کەم نییە و گەلێک کار کوشتەیە.
سەیرە مرۆڤێکی ئاوا زیرەک و لێهاتوو بکەوێتە داوێکی ئاوا و بێ موتاڵا بە هەزاران دۆلار و یۆرۆ لە سامانی حیزب لە دەست کەسێکی ئاوا بێ خاسیەت بکات. ئەوە لە کاتێک دایە کە بە قەولی خۆیان " هەر دۆلارێک سەد هەزار دۆلارە، منداڵەکانمان ئاوارەن،کوردەکان لە سنووری ئۆردن تورکیە،عێراق" تازە بەراست دەبی شوکرانە بژێریش بین کە کابرا جاسووسی حیرفەیی و تەواو عەیار نە بووە و ئەگەر خوای نە خواستە ناوبراو لە وانی هەرە ماهیر بوایە دەبوو زەرەرە مادی و سیاسیەکە چەندە بوایە؟.

لەو مامەڵەیەدا زەرەری مادی لە جێگای خۆی ئەوەی کە گرینگە و مچوڕک بە لەشی مرۆڤ دا دێنێ بیر کردنەوە لە زەرەر و خەساری سیاسی و حیسیەتی کە قەرەبوو کردنەوەی بۆ حیزب و گەل زۆر چەتوونە و جارێکی دیکەش کۆماری ئیسلامی بە ریشی حیزب پێ دەکەنێ و دەڵێ:
سەڵا لە ئەزموونتان، ئەگەر مرۆڤێکی سادە ئاوا کڵاوتان لەسەر بنێ، ئەدی دەبی جاسووسە حیرفەییەکانی ئێمە چتان بە سەر بێنن؟

بەو پێیە دەردەکەوێ ئەوان ئێستاش سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتیانەی کە لەو بوارانەدا بۆیان هاتووەتە پێش ، ئەزموونیان وەرنەگرتووە و بۆ بوون بە مەردی ئەو مەیدانی کێ بە ر کێیە زۆریان ماوە.
ئەوەی سەرنج راکێشە ئەوەیە کە  برایانی حیزبی دێموکڕات  ماوەیەکی دوور و درێژە شەڕی ناوخۆیی دەکەن و گەلێک ئەزموونی گەورەیان لەو شەڕانەدا وەدەست کەوتووە و زۆر باش دەزانن کە چۆن یەکتر لە مەیدان دەربکەن، بەڵام سەد مخابن نەیان توانی بۆ جارێکیش لەئەزموونی شەڕەکانی ناوخۆیی کەڵک وەربگرن و کڵاو لە سەری جاسووس سەهلە بەڵکوو غەیری جاسووسێکی دوژمنیش بنێن .

ماڵی ئاغای نووری زادە ئاوەدان بێت کە لە پەنای داکۆکی کردن لە خۆی پەردەی رەشی لە سەر رووداوێک لادا و نەهێنیە کی بۆ خەڵک ئاشکرا کرد کە ئەگەر ئەو نەبوایە ئەو جەریانە قەت ئاشکرا نەدەبوو و وەک سەدان جەریان و گۆزەی شکاوی دیکەی دەستی کابان بە بێ دەنگی ون دەبوون و دەچوونە تاریکخانەی فەرامۆشییەوە.
ئەو کارەی ئاغای نووری زادە جگە لە ئاگادار کردنەوەیەکی دوو بارە لە سەر بە رێوەبوونی کاروانی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی ، ئەندامانی حیزبیش بۆ بە خۆدا هاتنەوەو خۆ ناسینێکی تازەتر، دەباتە بەر دادگای ویژدانیان و مەجبووریان دەکات کە لەسەر رادەی کارامەییان پرسیار لە خۆیان بکە ن و ئەوەیان وەبیر بێنێتەوە کە ئەگەر رۆژێ هەزار جار لەوکایەی شەترەنجەدا یە کتر مات بکەن دوژمن هەر دوژمنە و ئەو لە دارشتنی پیلانەکانی خۆی ماندوو نابێ.

ئەوەی گرینگە و دەتوانێ بۆ داهاتوو بەرگری لە دوو پات بوونەوەی رووداوی ئەوتۆ بکات و یارمەتی دەر بێت ئەوەیە کە رێبەری حیزبی دێموکڕات دەبێ بە بێ گرینگی دان بە کەش و هەوای جناح بەندییەکانی ناو حیزب وەدوای مەسەلەکە بکەوێ و پوش بەسەری نەکات و لە وڵامی پرسیاری ئێستا و سۆزی خەڵک و ئەندامانیاندا وڵامێکی جێگای پەسەندیان پێ بێ.

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە تۆ بڵێی ئەوە یەکەم جار بێت چەپکە گوڵی ئاو بەئاودا دەدرێت؟ کێ لە بەرابەر ئەو نەهامەتی و دۆڕانەدا بەرپرسیار و مەسئوولە ؟ کاک شاهۆ؟ کاک مستەفا؟ کوللی ڕێبەری؟ کێ؟ کێ؟......
لە ئاکامیشدا هەر چەند وڵام روون و ئاشکرایە بەڵام مرۆڤ مەجبوورە پرسیار بکات ئەرێ گەلۆ داخوا تاوان بار سزا دەدرێ یان وەک بێ سزا مانەوەی کردەوەکانی پێشووی دەبێتە هۆی چوونەسەری پلە و پایەی تەشکیلاتی؟!

سیروان ٨٤/٣/٢٢